# مێژوونووسین لای كورد له‌ عێراقدا (1958- 1968) له‌چوارچێوه‌ی كتێبی چاپكراو به‌زمانی كوردی

**بەشدار عمر ڕەفیق**

بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کۆیە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر،وەزارەتی پەروەردە-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** bashdarumar80@gmail.com

**محەمەد عەبدوڵا کاکەسوور**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** makakasur@yahoo.com

**پوخته:**

لەم توێژینەوەیەدا کەناونیشانەکەی بریتیە لە(مێژوونووسین لای کورد لەعێراقدا 1958- 1968 لەچوارچێوەی کتێبی چاپکراو بەزمانی کوردی)، تەرخانکراوە بۆ باسکردن و شیکار کردنی ئەو کتێبە مێژووییانەی بەزمانی کوردی لەلایەن نووسەرانی کورد لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا لە عێراق نووسراون.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر ئەو هەشت کتێبەی لەماوەی ئەو دە ساڵەدا بەزمانی کوردی چاپکراون، لەکۆی ئەو هەشت کتێبەش حەوت کتێبیان لە ماوەی نێوان(1958 بۆ 1962)نووسراوە، و تەنها یەک کتێبیان لە ساڵی(1968) چاپکراوە، ئەم جیاوازیەش لەدابەش بوونی ساڵی چاپی کتێبەکان پێمان وایە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سیاسی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی (1961) چونکە لەلایەک ناسەقامگیری باری سیاسی بۆخۆی بەربەستی گەورەی بەردەمی پرۆسەی نووسینە لای هەر نووسەرێک، لەلایەکی تر بەهۆی هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بوارەکانی نووسین و چاپکردن سنووردار کران.

مێژوونووسان لەو ماوەیەدا لەچین وتوێژە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستان پێکهاتوون وەک کەسانی سیاسی و سەربازی و پیاوانی ئاینی و مامۆستایانی خوێندنگە وشاعیر و ئەدیبان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئارەزووی مێژوونووسیی لای سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەو ماوەیەدا.

دەربارەی بەرزی ئاستی زانستی و ڕێبازی مێژوونووسیی پەیرەوکراو بەشێوەیەکی گشتی لەو ماوەیەدا، لەگەڵ ئەوەی ناکرێت بە پێوەرەکانی ئێستا بەراورد بکرێن، بەڵام زیاتر پەیڕەوی گێڕانەوە و خستنەڕووی زانیاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەشێوەیەکی سادە کراوە و کەمترین سەرچاوە بەکار هاتووە و ئاماژەی بۆکراوە ، بێ گومان ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مێژوونووسانی ئەکادیمی و پسپۆڕی بواری مێژوونووسیی نەبوون.

**وشە سەرەکیەکان** : مێژوونووسین، مێژوو، ڕێبازی توێژینەوە، کتێب، کوردی، بابەت.

## پێشەکی:

شۆڕشی 14ی تەمووزی(1958) گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گەلی عێراقدا هێنا.[1]ئەم گۆڕانکارییانە بارودۆخێکی لەباری بۆکورد هێنایە ئاراوە و گەلی عێراق ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەوانی بۆ ڕەخسا (رسول، 1972, 14).بەمەش لایەنی ڕۆشنبیریی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینی و زیادبوون و پەرەسەندنی بواری نووسین بەڕوونی تێبینی دەکرا، لەم نێوەندەدا بواری مێژوونووسین وەک هەریەکێک لە بوارەکانی تر جوڵەی باشی بەخۆیەوە بینیوەو چەند کەسایەتییەک لەئاستی جیاوازی ڕۆشنبیری و پیشەیی وەک مامۆستاو نووسەرو سیاسی و ئەدیبان و پارێزەران.... هیتر، دەستیان داوەتە نووسینەوەی مێژوو جابەشێوەی وتار بووبێت لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا یان لە چوارچێوەی کتێبێکی تایبەتی بووبێت و بەهەر زمانێک بووبێت، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم بابەتەدا مێژوونووسینە بەشێوە کتێب و بەزمانی کوردی لەو ماوە دیاریکراوەدا.

ئامانجی توێژینەوەکەمان چەند لایەنێک لەخۆ دەگرێت وەک خستنەڕووی ئەو کتێبانەی لەوماوە مێژووییە دیاریکراوە بەزمانی کوردی نووسراون، لەڕووی چەندیەتی کتێبەکان و بابەتەکانی ناوەرۆکیانەوە، هەروەها هەوڵمانداوە بەپێی توانا ڕێبازی پەیرەوکراوی زانستیی لەنووسینەوەی کتێبەکان وپابەند بوونی نووسەرەکان بە بنەما زانستیەکانی توێژینەوەیەکی زانستی بخەینەڕو، ئەویش بەپشت بەستن بەو توێژینەوەو کتێبانەی دەربارەی ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی نووسراون.

پێکهاتەی توێژینەوەکە لەدوو بەش پێکهاتووە بەشی یەکەمیان تایبەتکراوە بەوکتێبانەی لە کوردستان لەوماوە مێژووییە دیاریکراوەدا چاپکراون ئەوانیش بریتین لە چوار کتێب، هەرچی بەشی دووەمیانە تایبەتە بەو کتێبانەی لە بەغدا چاپکراون و ئەوانیش بریتین لە چوار کتێب، کەبێ گومان کەم و زۆری ئەم مێژوونووسانەو بەرهەمەکانیان و جۆری نووسینەکانیان لەماوەیەکی مێژوویی بۆ ماوەیەکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەی لەو ماوە دیاریکراوەی ئێمە وەرمانگرتووە دەربارەی مێژوونووسین بەزمانی کوردی لە چوارچێوەی کتێبدا هەر ئەوەندەیە کە ئێمە خستومانەتە ڕوو، بەڵام کاری تەواو و بێ کەموکوڕیی تەنها کاری خوایە.

---

[1] بۆزیاتر زانیاری دەربارەی ڕووداوەکانی شۆڕشەکەو گۆڕانکاریەکانی لەسەر گەلی عێراق و گەلی کورد ودەسکەوتەکانی بۆ گەلی کورد بڕوانە (بطاطو، 2005، 84-117) (حبيب، 2005, 281- 286) (مەجید، 2012، 123-134).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی یەکەم

## ئەو کتێبانەی لە کوردستان چاپکراون:

### یەکەم/ هەمزە عەبدوڵا[1]:

کتێبەکەی بەناونیشانی (شۆڕشی بارزان)ە، لەساڵی (1959) لە چاپخانەی (ژین) لەسلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە(56)لاپەڕ، ئەم کتێبە لەبنەڕەتدا بەزمانی عەرەبی نووسراوەو پاشان لەلایەن(محەرەم محەمەد ئەمین)[2] وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، و لە پێنج سەرباسی تایبەت بە شۆڕشەکانی بارزان پێک هاتووە(عەبدوڵا، 1959، 5–56)، دەربارەی ڕاستی وناڕاستی بابەتە مێژووییەکانی ناو ئەم کتێبە دەتوانرێت بوترێت ڕاستگۆیانە ڕووداو وبابەتەکان باسکراون، ئەگەرچی کورتبڕیی تێدا کراوە بەبەراورد بەسەرچاوە مێژوویە تایبەتەکانی ئەم بووارە وەک(اسماعیل، 1998)(البارزانی، 1986) (بارزانی، 2012)، بەڵام وەک هەر کارێکی تری مێژوونووسین لە تێبینیەکان بەدەر نییە وەک دواتر دەیانخەینە ڕوو.

لەپێشەکی کتێبەکەدا بەناوی (سەرەتا) باس لە مێژووی شۆڕش دەکات، و دەڵێت دروستکەرو بزوێنەری(مێژوو) گەلی زەحمەتکێش و چینی کرێکارو جوتیارە (عەبدوڵا، 1959، 5–7) سەرباسی یەکەم، لەژێرناونیشانی هۆزی زێبارو سەرکردایەتی بنەماڵەی بارزانە، باس لەوە دەکات کە بارزانییەکان لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەرکی پێشەوایەتی هۆزی زێبارییەکان و هەڵسوڕاندنی جوڵانەوەو شۆڕشەکانی کوردیان گرتە ئەسۆ، هەر لە شۆڕشی شێخ (عوبیدوڵلای نەهریەوە 1881)کە بارزانیەکان بەسەرۆکایەتی(شێخ عبدالسلام بارزانی یەکەم) تێیدا بەشدار بوون، هەتاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم (عەبدوڵا، 1959، 10–21).

سەرباسی دووەم بەناونیشانی شۆڕشی بارزانی ساڵی(1943)یە،باس لەوەدەکات مستەفا بارزانی ساڵی (1943) سەرکردایەتی شۆڕشێکی لە ناوچەی بارزان کرد دژی حکومەتی عێراق، چەند ڕووداوێکی شۆرشەکە لەوساڵەدا باس دەکات(عەبدوڵا، 1959، 23–26). سەرباسی سێیەم: شۆڕشی(10ی ئابی 1945)ە، لەم بابەتەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر هیچ زانیاری و باسێک دەربارەی ئەوشۆڕشە باس ناکات کە ئاماژەی پێداوە

---

[1] هەمزە کوڕی عەبدوڵا کوڕی کوردۆیە لەساڵی (1915) لە گوندی(ڕاژان)ی ناوچەی مەرگەوەڕ لەدایک بووە، لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانییدا باوکی ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانیدا لەیەکێک لەشەڕەکانی عوسمانی لەگەڵ ڕوسیا لەساڵی(1915) باوکی دەکوژرێت، هەمزە عەبدوڵا ساڵی (1935–1936)کۆلێژی ماف تەواو دەکات بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە دانامەزرێت(ئەمین، 2014، 27–35)، لەساڵی (1937) پەیوەندی بەحزبی شیوعی عێراقەوەکردووە، لە ئابی (1946)یەکێک بووە لەو(28) ئەندامەی (پارتی دیموکراتی کورد)یان دامەزراندووەو(هەمزە عەبدوڵا) بەسکرتێری پارتی هەڵبژێردراوە، بەهۆی کاری سیاسییەوە چەندین جار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەندکراوە(بابان، 2009، 153–155)، لە (1998/12/12)لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو لە گوندی سیتەک بەخاک سپێردراوەبۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ژیانی بڕوانە(ئەمین، 2014، 27–95).

[2] لەساڵی(1921) لەسلێمانی لەدایک بووە، لەبواری کارگێڕیدا لەچەند فەرمانگەیەک کاری کردووە دواجاربووە بە سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لەبواری نووسیندا زیاتر وەکو وەرگێڕ ناسراوە، لەم بوارەدا چەندین بەرهەمی وەرگێڕاوە، لەساڵی(1980) کۆچی دوایی کردووە (بابان، 2006، 657).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەناونیشانەکەدا، بەڵکو بەدرێژایی بابەتەکە باس لەو یاداشتە دەکات کە (نوری سەعید) لەمیانی گەشتێکی بۆ کوردستان،بەمەبەستی زانینی بۆچونی خەڵکی کوردستان دەربارەی چارەنووسیان، دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکە پێشکەشی دەوڵەتی عێراقی کردووە، نووسەر لەچەند شوێنێکا بۆچوونی نوری سەعید وەردەگرێت،و پاشان لەسەری دەدوێت(عەبدولا، 1959، 27-43)، لەم باسەدا بەشێوەیەکی دوور لە سیمای زانستی چەندین وشەی وەکو(نوری سەعیدی تۆپیو، گلاو، نەعلەتی، ڕیسوا، چلکاوخۆر) بەکاردەهێنێت، بڕوانە لاپەڕەکانی(عەبدولا، 1959، 28، 29، 31، 32، 39). لەڕوی زانستیەوە دەرچون لەبابەت وزاڵ بوونی هەست وسۆز بەسەر نووسەردا، پابەند نەبوونی نووسەر بە بنەما زانستیەکانی نووسینەوەی مێژوو دەردەخات(طه، 1989، 86-89).

سەرباسی چوارەم تایبەتە بە هۆکارەکانی شۆرشی (10ی ئابی 1945)، لەم باسەدا ئاماژە بەچەندین هۆکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکات بۆ هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە(عەبدولا، 1959، 45-53). سەرباسی پێنجەم و کۆتایی تایبەتە بە ئەنجامەکانی شۆرش،و نووسەر ئاماژە بۆچەند ئەنجامێک دەکات(عەبدولا، 1959، 53-56).

هەمزە عەبدولا بۆ نووسینی ئەم کتێبە کەدەچێتە بواری نووسینەوەی مێژوو، هیچ سەرچاوەیەکی بەکارنەهێناوە و لستی سەرچاوەکانی نییەو لە ناوەرۆک و پەراوێزدا ئاماژەی بە سەرچاوەی بەکارهاتوو نەداوە، کە پشت بەستن بە مادە مێژووییەکان و ئاماژەدان پێی پابەند بوونی مێژوونووس بە بابەتەکەو شیکارکردنی بەشێوەیەکی بابەتیانە پیشاندەدات(ه. أ. مارو، 1971، 55-60)(محمد، 2009، 151) ، لەهەمان کاتدا لە نووسینەکەیدا پەیڕەوی ڕێبازێکی دیاریکراوی نەکردووە ، بەڵکو بەشێوازێکی نووسینی ئەدەبیانە وکاریگەر بەو هەستە نەتەوەییەی هەیبووە کۆمەڵێک زانیاری داڕشتوە، کە پابەند بوون بەڕێبازی مێژوونووسین یەکێکە لەو بنەما زانستیانەی لەنووسینەوەی مێژوودا پێویستە(عثمان، 1965، 187-191) ، بەڵام ناکرێت ئەوەش بەهەند وەرنەگیرێت کە نووسەر پسپۆریەتی لە نووسینی مێژوودا نەبووە بەڵکو کەسێکی پارێزەر و سیاسی بووە، ئەمەش کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر شێوازی مێژوو نووسینەکەی. بۆ سەلماندنی ئەوەی نووسەر هەستی نەتەوایەتی بەسەریدا زاڵ بووە دەتوانرێت بڕوانرێتە ناوەڕۆکی نووسینەکانی ودەستەواژە بەکار هاتووەکانی لەم کتێبەدا هەربۆ نموونە زاڵی هەستی نەتەوەیی بووە بەهۆی ئەم جۆرە دەستەواژەو نووسینانە((لە 10ی أب ی (1945)دا ئاگری شۆڕشی گەلی کورد لە بارزان کلپەی بەرز بووە کە قەلای سەربەستی کوردستانە لانەی بەچەشێری چیای(ناگرەس)سەرکردەی قارەمانەکانی شۆرشە))(عەبدولا، 1959، 53)، کە ئەم جۆرە لەنووسین و بەکارهێنانی وشەکانی وەک (کلپە، قەلای سەربەستی، لانەی بەچەشێر، قارەمانەکانی شۆڕش)گوزارشت لە زاڵی هەستی نەتەوەیی لای نووسەر دەکات.

## دووەم/ صالح قەفتان[1]:

[1] لەساڵی(1885) لەسلێمانی لەدایک بووە، خێزانەکەیان بەقەفتان ناسراوە کەیەکێکن لەخێزانە ناسراوەکانی سلێمانی ، لەبەغدا ئامادەیی سەربازی تەواوکردووە، چوەتە ئەستەنبول و کۆلێژی سەربازی تەاوکردووەو بەپلەی ئەفسەر دەرچووە، و پاشان چووەتەسوپای عوسمانییەوە، دوای لەناوچوونی دەوڵەتی عوسمانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و بەشداری چالاکییەسیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی سلێمانی کردووە(بابان، 2006، 406)، لەسالانی(1923-1925) مامۆستابووەو بەڕێوەبەری خوێندنگەی(فەیسەلییە)بووە لەسلێمانی،چەند بابەتێکی لەگۆڤاری(روناکی)و ڕۆژنامەی (ژین) بلاوکردوەتەوە، لەساڵی(1968) لەسلێمانی کۆچی دووایی کردووەو لەگردی سەیوان بەخاک سپێردراوە(البیضانی، 2012، 176-177).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کتێبەکەی بەناونیشانی(نەتەوەی کورد تورکمان نیە)بریتییە لەکتێبێکی قەبارە بچووک، لەساڵی(1959) لەچاپخانەی کامەران لە سلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە (35)لاپەڕ، ناوەرۆکی ئەم بەرهەمە هەروەکو نووسەر لە بەرگی کتێبەکەیدا نووسیویەتی بریتیە لە (وەڵامی وتارە مێژووییەکەی مامۆستا شاکر عمر – کرکوک)(قەفتان، 1959).

ئەم بەرهەمە لەیەک سەرباس بەناونیشانی(وەڵام)پێکهاتووە(قەفتان، 3)، لەم بابەتەدا مێژوونووس دێربەدێر وەڵامی وتارەکەی (شارکرعمر) داوەتەوە کە لە ژمارە (1-3ی ساڵی 1959) لە ڕۆژنامەی (الأهالی)دا بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی(تاریخ الأقوام فی العراق)(مێژووی نەتەوەکانی عێراق) بڵاوی کردوەتەوە، ناوەرۆکی بەشێک لەوتارەکە لە ڕۆژنامەی(الأهالی) بەم شێوەیە هاتووە(تأریخ الأنسان في العراق (میزوبوتامیا) حضارة مابین النهرین, تاریخ الأتراک الهونیون(الترکمان) تاریخ الأتراک السومریون, متی یبدأ التاریخ؟ .....). نووسەر لە درێژەی وتارەکەیدا و لەشوێنێکی تردا کە ناوەرۆکیمان بەکوردی خستوەتە ڕوو دەڵێت( مێژوو ئەو کاتە دەستی پێکرد کە سۆمەرییە تورکەکانی عێراق بۆیەکەم جار نووسینیان دۆزیەوە لە شەش هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، پاشان باس لەوەدەکات کە نەتەوەی کورد تیرەیەکن لە تورکمان بەڵام ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان و لەیەکتر جیابوونەتەوە، پاشان باس لە وەدەکات هەولێر شارێکی تورکیە و لێکدانەوەیەکی تایبەت بۆ ناوی شارەکە دەکات و دەڵێت وشەکە تورکیە.....)(عمر، 1959، 4)

صالح قەفتان لەم کتێبەیدا وەڵامی زانیاریەکانی ئەم وتارە دەداتەوەو سەرجەم زانیارییەکانی بەدوور لەڕاستی و نازانستی لەقەڵەم دەدات، و دەڵێت کاتێک ناونیشانی ئەم وتارەم بینی پێم وابوو کە باس لە نەژادی نەتەوە دێرینەکانی عێراق دەکات، بەڵام پاش خوێندنەوەم بینیم نووسەر بەهەموو توانایەوە کاردەکات بۆ ئەوەی نەتەوە کۆنەکانی عێراق بەتورک ناوزەند بکات، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکی مێژوویی ئاماژە پێ بکات(قەفتان، 1959، 26-34). مێژوونووس (صالح قەفتان) وەڵامەکانی پڕن لەزانیاری زۆر وورد دەربارەی مێژووی کۆنی کورد وناوچەکە کە کردویەتی بەوەڵام بۆ ئەم وتارە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێت (صالح قەفتان) لەگەڵ ئەوەی نووسینەکانی (شاکر عمر) بەبێ بنەما ناودەبات ، بەڵام خۆشی ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی نادات بۆ پشتڕاستکردنەوەی وەڵامەکانی لەبەرانبەر بۆچوونەکانی (شاکرعمر) تەنها ئەوە نەبێت لە شوێنێکدا ناوی دوو سەرچاوە بەناڕاستەوخۆ دەبات(قەفتان، 1959، 11). کە بۆنمونە دەتوانرا سوود وەربگیرێت لە سەرچاوەی(زکی، 1931). بێ گومان مێژوونووس بۆ وەڵامی پرسیارەکان دەربارەی ڕابروو هەروەها خستەڕووی زانیاری مێژوویی پێویستی بەبەڵگەی مێژوویی هەیە، لەم بارەیەوە بڕوانە(قادر، 2019، 236)(د.أ.مارو، 1971، 55).

کەواتە دەتوانرێت بووترێت ئەم وتارەی ڕۆژنامەی(الأهالی) بووە بە هەوێنی نووسینی ئەم کتێبەی (صالح قەفتان)، و لەئەنجامدا کتێبێک بە زمانێکی سادەی کوردی دەربارەی نەژدی کورد کەوتووەتە بەردەستی خوێنەرانی کورد، کە بۆ ئەو قۆناغە مێژووییە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، لەگەڵ ئەوتێبینیانەی لەبارەیەوە هەبووە، بەتایبەتی کە بەزمانی کوردی نووسراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سێیەم/ کاکەی ڕێبوار[1]:

کتێبەکەی بەناونیشانی (شۆرشی ئاگری داغ لەکوردستانی تورکیا)یە، لەساڵی(1960) لەچاپخانەی کامەران لەسلیمانی چاپکراوەو بریتییە لە(30)لاپەڕ، لە پێشەکی کتێبەکەیدا داخ بۆ ئەوە دەخوات کە گەلی کورد شارەزاییان لەمێژووی نەتەوەکەیان نییەو هیچی لێ نازانن، هەرئەمەش هانی مێژوونووسی داوە بۆ نووسینی ئەم کتێبە (ڕێبوار، 1960، 2-3). دواتر هەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا باس لە گرنگی وبایەخی زانستی مێژوو دەکات کە پێی وایە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەبارەیەوە شارەزابن ودەربارەی ڕابردووی نەتەوەکەیان بخوێننەوە(قەفتان، 1960، 4-8).ئەمش هۆشیاری مێژوونووس لەمەڕ بایەخی زانستی مێژوو نیشاندەدات بۆ کورد وەک نەتەوە، لەبارەی بایەخی مێژوو بۆ هەر نەتەوەیک بڕوانە(عمارة، 2009).

ناوەرۆکی کتێبەکەی(کاکەی ڕێبوار)کەناوی خوازراوی(کاوس قەفتان)ە،لەیەک بابەت و سەرباس پێکهاتووە بەناوی (شۆرشەکانی کورد لەکوردستانی تورکیا)، دەستپێک بەوە دەستپێدەکات کە کورد بەپێی مادەی(62، 63، 64) ی پەیمانی سیڤەر(1920)مافی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و یەکگرتنی پێدرا، بەڵام تورکەکان لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان توانیان کورد بەناوی ئاینەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، دواتر لەپەیمانی لۆزانی ساڵی(1923)خەونەکانی کورد لەناوبەرن(ڕێبوار،1960،9-12).دواتر دەڵێت ئەم هۆکارانە بووە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ساڵی 1925 ، و دواتر لەساڵی (1927) شۆڕشی ئاگریداغ هەڵگیرسا، بەڵام دەسەڵاتی تورکیای کەمالی لەناوی بردن، دواتر باس لە هۆکارەکانی لەناوچونی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد دەکات، بۆچەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەکی دەگێڕێتەوە(ڕێبوار، 1960، 12-30).

ئەم کتیبە تایبەت بەشۆڕش و ڕاپەرینەکانی باکوری کوردستان بۆ ئەوکات بایەخێکی زۆری هەبووە، بەتایبەت کەبەزمانی کوردی نوسراوە، بۆنمونە (دکتۆر کەمال مەزهەر) لەم بارەیەوە دەڵێت (زۆربەی ڕووناکبیرانی لای خۆمان بۆیەکەم جار پوختەیەکی دروستی ئەو ڕاپەرینە و هۆوبزوێنەرەکانییان بەکوردی کەوتە بەردەست)(ئەحمەد، 2007، 185). دەربارەی ڕاستی ودروستی زانیاریەکانی کتێبەکە دەکرێ بوترێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوسەرچاوانەی دەربارەی ئەو قۆناغەی مێژووی باکوری کوردستان نووسراون، زانیاریە مێژووییەکان دروستن، لەم بارەیەوە بڕوانە(هاوار، 2006، ب2). بەڵام لەڕووی بەکارهێنانی سەرچاوەو پشت پێ بەستنی بۆ نووسینی ئەم کتێبە دەکرێ بوترێت تەنها لەیەک شوێندا هەندێک زانیاری لەدوو سەرچاوە وەرگرتووە (قەفتان، 1960، 29)، بەڵام لەهیچ شوێنێکی تردا پشتی بەسەرچاوە نەبەستووە، وناوی ئەو دوو سەرچاوەیەشی دانەناوە لە لاپەڕێکدا بەناوی لستی سەرچاوەکان، لەکاتێکدا ئەو مێژوونووسە پسپۆڕیەتی بواری مێژوو بوو کارەکەی زانستی تر دەبوو بەپشت بەستنی بەسەرچاوەی زانستی بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە، سەربار لەگەڵ پەیرەو نەکردنی ڕێبازێکی

[1] دکتۆر(کاوس قەفتان)بەناوی(کاکەی ڕێبوار)،ئەم کتێبەی دەربارەی شۆڕشی ئاگریداغ بڵاوکردوەتەوە (ئەحمەد، 2007، 185) (قەفتان، 2009، 508)، کاوس قەفتان لە ساڵی (1934) لەسلێمانی لەدایک بووە،خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی (1957)(کۆلێجی دارالمعلمين العالي)لە بەغداد تەواو کردووە، لەساڵی 1963دکتۆرای لە پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی لە لینینگراد تەواوکردووە(قەفتان، 2009، 12، 44، 84، 176)، لەساڵی(1970)بووە بەمامۆستا لە کۆلێژی ئاداب لەبەغدا، لەساڵی 1981 خانەنشین بووە،چالاکانە لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری کاری کردووە، خاوەنی چەند بەرهەمە لەبواری مێژوودا، لەساڵی (2009) کۆچی دوایی کردووە (البيضاني، 2012، 359-360).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دیاریکراو لە نووسنی مێژوودا بۆ نووسینی ئەم کتێبەی ناوبراو، لەبارەی گرنگی پشت بەستن بەسەرچاوە زانستیەکان وبەکارهێنانیان و پابەند بوون بەڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی بڕوانە( محمد، 2009، 151)(حسين محمد جواد الجبوری، قيس حاتم هانی الجنابی، 2013).

## چوارەم/ عوسمان عوزێری[1]:

کتێبەکەی بەناونیشانی(شۆڕشی دیاربەکر) نووسیوە، لەساڵی (1961) لەچاپخانەی (ژین) لەسلێمانی چاپکراوەو بریتییە لە(74) لاپەڕ، ئەم کتێبە لە بنچینەدا بریتییە لە وتارێکی نووسەر کە لە کۆبوونەوەیەکی(پارتی دیموکراتی کوردستان)لە(28)ی حوزەیرانی (1960) بۆیادی لەسێدارەدانی(شێخ سەعیدی پیران) و هاوڕێکانی لەبەغدا بەستراوە، پێشکەشی کردووە، پاشان وەک نووسەر باسیکردووە چەند سەرباسێکی بۆداناوەو وەک کتێبێک چاپی کردووە (عوزێری، 1961، 3)پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن (محەرەم محەمەد ئەمین) نووسراوە، ئەم پێشەکییە بریتییە لەوتارێکی پڕاوپڕ لە هەستی نەتەوەیی، تێیدا چەندین وشەی وەکو( سپڵەیی، ناپاکی، ڕوورەشی، خوێن ڕێژی، چەپەڵی نەیارانی کورد، فەلسەفەی بۆگەنی کەمالی) بۆنەیارانی کوردو لە بەرامبەریشدا وشەگەلێکی وەکوو( قارەمان، نەبەز، نەبەرد، نەمر) ی بۆکورد بەکارهێناوە(عوزێری، 1961، 13–18)، ئەمە وای کردووە زیاتر لەوتارێکی حەماسی بچێت نەک پێشەکی کتێبێکی تەرخانکراو بۆ نووسینەوەی مێژوو.

ناوەرۆکی کتێبەکە دابەشکراوە بەسەر چەند سەرباسێکدا، نووسەر لەیەکەم سەرباسدا بەناوی (وتەیەک)دەڵێت ئەمە چەندلاپەڕەیەکی مێژووی نەتەوەی کوردە، بۆئەوەی ڕووداوەکانی ببن بەپەندو ئامۆژگاری بۆنەتەوەی کورد(عوزێری،1961، 19–21)، دواتر لە سەرباسێکی تردا بەناوی(کوردو دەوڵەتی عوسمانی و ڕەگەزی تورک)باس لە پەیوەندی کورد بەدەوڵەتی عوسمانی دەکات هەتاوەکو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی(1914–1918)و ئەو زیانانەی کورد لەسای دەوڵەتی عوسمانی بەری کەوتووە(عوزێری،1961، 25–29)، پاشان باس لەوەدەکات دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (مستەفا کەمال ئەتاتورک)بە پشتیوانی کورد، لەسەربنەمای ئەوبەڵێنانەی بەکوردی دابوو توانی خۆی بگەیەنێتە دەسەڵات، بەڵام دواتر لەبەڵێنەکانی پاشگەزبۆوەو هیچی بۆکورد نەکرد، هەربەوەشەوە نەوەستا بەڵکو کەوتە چەوساندنەوەی کوردەکان بەچەندین ڕێگە، ئەمەش کوردی خستەسەر ئەو بیرەی تەنها بەشۆڕش بتوانن مافەکانیان بەدەس بخەن، ئەوەبوو بەتێپەڕبوونی کات (شێخ سەعیدی پیران) لە 8ی شوباتی (1925) شۆڕشی دەستپێکرد(عوزێری 1961، 30–45). بەڵام کەمالییەکان هەموو هێزو توانایان بۆ لەناوبردنی خستەکارو زۆر بە توندی شۆڕشیان لەناوبردو لە 24ی نیسانی (1925) دا(شێخ سەعید)و هاوڕێکانی دەسگیرگران و لەدوای دادگاییەکی ڕووکەشانە لە شەوی 28ی حوزەیرانی (1925) لەگەڵ هاوڕێکانی

[1] ناوی عوسمان ئەحمەد عوزێرییە، لە سنووری سلێمانی لەساڵی (1933) لەدایک بووە،خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و پاشان چووەتە شاری بەغداد بۆ تەواو کردنی خوێندن، لەبەغداد لەڕادیۆی کوردی کاری کردووە،بەرنامەیەکی بەناوی(خەباتی کورد)وە هەبووە لەهەمان ڕادیۆدا، لەنێوان ساڵانی (1957–1958)لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی کوردی (کۆمەڵەی مۆسیقای کورد) یان لەبەغدا دامەزراندووە، دەستی نووسینی لەبواری مێژوودا هەبووە، لە ساڵی (1966) بەشێوەیەکی نادیار دەکوژرێت(البیضاني, 2012, 313) (بابان، 2009، 313–314).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

کە(103)کەس بوون لەسێدارە دران، دواتر هۆکارەکانی شکستی ئەم شۆڕشەو بەیاننامەیەکی شێخ سەعیدو ژیاننامەی (شێخ سەعید) دەنووسێت(عوزێری، 1961، 55–74).لە بارەی ڕاستی ودروستی زانیاریەکانی دەربارەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بڕوانە( هاوار، 2006، ب1، 248–374).

وەکو لەسەرەتادا ئاماژەی پێکرا ئەم کتێبە لەبنەچەدا وتارێکی نوسەربووە، پاشان وەکو خۆشی ئاماژەی بۆکردووە چەند سەرباسێکی بۆ داناوەو لەچوارچێوەی کتێبێکدا چاپیکردووە، بۆ ئەم نووسینە پشتی بە (9)سەرچاوە بەستووە بەزمانی کوردی و عەرەبی( عوزێری، 1961، 72)، ڕێبازی نووسینی بریتییە لە ڕێبازی داڕشتن و وەسفکردن، لەبەر ئەوەی وتارێک بووەو لەبەردەم ژمارەیک خەڵک خوێنراوەتەو هەوڵدراوە هەست و سۆزی گوێگرانی پێ بجولێنرێت، نەک پەیڕەوی ڕێبازێکی زانستی لەنووسینی مێژوودا کرابێت، لەبەرئەوە نەتوانراوە بنەماکانی بابەتی بوون وخستەڕووی مادە مێژووییەکان وهەڵسەنگاندنی تێدا پەیڕەو بکرێت، بەمەش لە بنەماکانی توێژینەوەی زانستیی لەبواری نووسینەوەی مێژوو دووردەکەوێتەوە، بۆ بنەماکانی توێژینەوەی زانستی بڕوانە(طە، 1990)(ه،أ،مارو، 1971)(عثمان، 1965).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی دووەم

## ئەو كتێبانەی لەبەغدا چاپكراون:

### یەكەم/ عەلادین سجادی[1]:

كتێبەكەی بەناونیشانی( شۆڕشەكانی كورد وە كوردو كۆماری عێراق)ە، ساڵی (1959) لە چاپخانەی مەعارف لەبەغدا چاپكراوەو بریتییە لە (364)لاپەڕ، ویەكێكە لە كتێبە ناسراوەكانی نووسەر، سەبارەت بەهۆكاری نووسینی ئەم كتێبەی دەڵێت كورد كەم ئاگادری شۆڕشەكانی خۆی بووە، هۆكارەكەیشی ئەوەیە كە شۆڕشەكان نەنووسراون و هەر هەندێك بەسەر زارانەوە بوون و پاشان ناو و چەمكی شۆڕشەكە نەماوە، هەر ئەم هۆكارەش هانی دام شۆڕشەكانی كورد بنووسمەوە (سجادی، 1959، 3–4). دەربارەی دیاریكردنی ڕاستی وناڕاستی بابەتە مێژووییەكانی ئەم كتێبە، پێویستە بەتوێژینەوەیەكی تایبەت بەم كتێبە هەبێت، لەبەر ئەوەی مێژوونووس لەدووتوێی كتێبێكدا شۆڕشەكانی باكور وباشور وخۆرهەڵات وخۆرئاوای كوردستانی لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا باسكردوە.

عەلادین سجادی لەنووسینی كتێبەكەیدا هەڵنەستاوە بەدابەش كردنی كتێبەكەی بەسەر چەند بەشێكداو بۆ هەر بەشێك ناونیشانێكی دیاریكراوی پێ بدات، كە ئەمە كارێكی پێویست بو بۆ ئەم كتێبە بەهۆی هەمەجۆری وزۆری بابەتەكانیەوە، بەڵكو دابەشی سەر چەند سەرباسێكی كردووە. وەكو دەسپێك (43)لاپەڕی یەكەمی كتێبەكەی لەژێر ناوی (مێژوویەكی كورتی كورد، ژمارەی كورد، شوێنی كورد، ژیانی كۆمەڵایەتی كورد، شۆڕشەكانی كورد، قەوومیەت)،داناوە بەدەروازەیەك بۆ چوونە ناو باسی شۆڕشەكانی كورد(سجادی، 1959، 5–17). بەپێی كتێبەكانی تایبەت بەڕێبازی لێكۆڵینەوە ئەم شێوازە لەدابەش نەكردن بۆ سەر چەند بەش وباسێك لە لایەنی پابەندی ڕێبازی لێكۆڵینەوەی كەم دەكاتەوە، بڕوانە(عثمان، 1965).

دواتر لەسەرباسێكدا بەناونیشانی(شۆڕشەكانی كورد و قەومیەت )، ئاماژە بەوە دەكات كورد شۆڕشی زۆری كردووە لە پێناوی ئازادیداو كەسایەتی بەتوانایشی زۆر بووە، بەڵام بەهۆی زاڵی هەستی ئاینی لە لایەك و هەوڵی ئەو دەوڵەتانەی كوردیان بەسەردا دابەش بووە لەلایەكی تر، شۆڕشەكان بەرهەمی ئەوتۆیان نەبووە، لەم بابەتانەشدا دەگەڕێتەوە بۆ میرنشینی بابان و ئەردەلان (سجادی، 1959، 17–43).

[1] ناوی(عەلادین كوری نەجمەدین كوری عەسامەدین)ە، لەبنەماڵەی ناوداری (سجادی) یە لە كوردستان (سجادی، 1987، 5) لە گوندی (باراو)ی ناوچەی سلێمانی ساڵی (1907) لەدایك بووە، سەرەتای خوێندنی بەخوێندنی ئاینی لە گوندەكەی خۆیان دەستپێكردووە (الاعظمي ، 2005، 113). دواتر چووەتە سلێمانی و درێژەی بەخوێندنی ئاینی داوە، هەتا لەساڵی (1938)مۆڵەتی زانستیی (الاجازە العلمیة)لەسەر دەستی زانایانی ئاینی شارەكە وەرگرتووە، دواتر چووەتە بەغداو بووە بە پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوت هەتا ساڵی (1974) (بابان، 2006، 511)،خاوەنی چەندین كتێب و نووسینە لەبواری ئەدەبی و مێژوویی، لەساڵی (1984) لە بەغدا كۆچی دوایی كردووەو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاك سپێردراوە (الصویركی،2006، 479).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەسەرباسی(شۆڕشی بەدرخانیەکان)، لە(20)لاپەڕدا باس لە چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێکی باکووری کوردستان دەکات ،لەوانە بەدرخان پاشای بۆتان(1802-1867) ، و ڕاپەڕینی کوڕانی بەدرخان پاشا(حسێن کەنعان پاشاو عوسمان پاشا)لە ساڵی (1877) دا، و شۆڕشی ساڵی (1853)بەسەرۆکایەتی( یەزدان شێر) لەبۆتان، و شۆڕشی (شێخ عوبیدوللای نەهری) لەساڵی (1881)دا،کە بە (10)دێر باسی لەم شۆڕشەکردووە، پاشان باس لە شۆڕشی (مەلا سەلیمی بەدلیسی) لەساڵی (1913)بە(9)دێر دەکات، و بەکورتی باس لە شۆڕشی شێخ سەعید لەساڵی (1925)دا، و شۆڕشی(ئاگری داغ) لە (1927 بۆ 1930)،و شۆڕشی دەرسیم بەسەرۆکایەتی (سەید ڕەزای دەرسیم) لە ساڵی(1937)دا دەکات(سجادی, 1959, 44-63). ئەوەی جێگەی سەرنجی ئێمەیە لەم بابەتەدا زۆر بە کورتی باسی لە هەموو ئەو شۆڕشانەی باکووری کوردستان کردووە، لە شۆڕشی (بەدرخان پاشای بۆتان 1842) هەتا (شۆڕشی سەید ڕەزای دەرسیم 1937). کورت بڕیی لە بابەتەکانیدا وای کردووە هیچ یەکێک لە شۆڕشەکان مافی خۆی پێنەدرێت، چونکە ئەم شۆڕشانە گفتوگۆ وقسەی زۆر هەڵدەگرن، لەم بارەیەوە بڕوانە(هاوار، 2006، ب1، 248-386)(هاوار، 2006،ب2، 5-387)(الداقوقي، 2008، 100-142)

(شۆڕشی حەمەپاشا) ناونیشانی سەرباسێکی تری کتێبەکەیە، کە تێیدا باس لە ژیان و سەرکەوتنەکانی (پاشای کۆرەی ڕەواندز) دەکات (نووسەر بەو جۆرەی ناوبردووە)، دەڵێت :لە (1820) میری ڕەواندز بانگی سەربەخۆیی کوردستان دەدا(سجادی، 1959، 64-65)، ئەمەش وا لە سوڵتانی عوسمانی دەکات سوپا بنێرێتە سەر (میر محەمەد)، دوای ئەوەی سوپای عوسمانی بەرامبەر میر محەمەد شکست دەهێنێت (سەدری ئەعزەم)ی عوسمانی ڕایدەگەیەنێت، جەنگ کردن بەرامبەر خەلیفەی ئیسلام پێچەوانەی دینەو هەرچی ئەم کارە بکات کافرە، ئەمەش کاری زۆری کردە سەر بڵاوبوونەوەی لەشکری میر محەمەد و لاوازبوونی، عەلادین سجادی بەردەوام دەبێت و دەڵێت(( مەلا محمدی(خەتێ) کەوەزیری محمد پاشابوو- میر، لەم ڕووەوە پرسی پێ کردو ئەویش هەر بەوجۆرە فتوای دا))(سجادی، 1959، 66-67)، ئەوەی ئەو بابەتەی عەلادین سجادی بخوێنێتەوە واتێدەگات کە مەلای خەتێ هەمان فتوای (سەدری ئەعزەمی) عوسمانی دابێت. بەڵام لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا عەلادین سجادی دەڵێت ئەم قسەیە بۆ (مەلای خەتێ) من بە دوژمنایەتییەکی شەخسی ئەزانم کە ناحەزانی بۆیان هەڵبەستبوو (سجادی، 1959، 67). کەواتە عەلادین سجادی بۆچوونی خۆی لەپەراوێزدا دەربڕیوە،و زانیاری ناوەرۆکی کتێبەکەی وەرگرتووە، هەرچەندە بەڕاستی نەزانیوە، پاشان بەکوژرانی میر محەمەد لەلایەن عوسمانییەکانەوە ساڵی(1846) کۆتایی بەبابەتەکەی دەهێنێت(سجادی، 1959، 68-70). بەڵام پێویست بوو لەناوەرۆکدا ئاماژەی بە سەرچاوەی زانیاریەکەی بدایە ، چونکە بەم کارەی لەلایەک زانستی تر دەبوو لەلایەکی تر خوێنەر دەیزانی ئەمە بۆچونی عەلادین سجادی نییە، نەک لەپەراوێزدا بۆچوونی خۆی بنوسێت، چونکە بەپێی ڕێبازی زانستی مێژوونووسن دروست وایە بۆچونی سەرەکی لەناوەرۆکدا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، لەم بارەیەوە بڕوانە(حسين محمد جواد الجبوري، قيس حاتم هانی الجنابي، 2013).

پاشان باس لە شۆڕشی سەردار ڕەشید دەکات کە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918)و ماوەی نێوان هەردووجەنگی جیهانی(1918-1939) لەخۆرهەڵاتی کوردستان شۆڕشی کردووە(سجادی، 1959، 71-76).

بابەتی(شۆڕشی شێخ مەحمود) یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە کە(70)لاپەڕی کتێبەکەی بۆ تەرخان کراوە. بەناوداری و پێگەی گرنگی بنەماڵەی شێخ مەحمود لە پێش شێخ مەحمودەوە لەناوچەکەدا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەستپێدەکات،پاشان دێتە سەر ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی(1914-1918)و ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچە کوردییەکان و بەدیاریکراویش سلێمانی، و ململانێی نێوان عوسمانی و ئینگلیزو یارمەتی شێخ مەحمود بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەماوەی ئەو شەڕەدا، وپاشان خۆنزیک کردنەوەی ئینگلیز لە شێخ مەحمود و دانانی بەحوکمدار لە سەر سلێمانی،و پلانەکانی ئینگلیز لە پشتی ئەم کارەوە، کە شەڕی دەربەندی بازیانی نێوان ئینگلیزو شێخ مەحمودی لە ساڵی (1919)دا لێکەوتەوە (سجادی، 1959، 77-88)، پاشان بە وردی باس لەپەیوەندی و ململانێ و پێکدادانەکانی نێوان ئینگلیز و(شێخ مەحمود) لەساڵی (1922)هەتا نیسانی (1927)دەکات (سجادی،1929، 89-113).دواتر باس لە سیاسەتی حکومەتی عێراق و ئینگلیز بەرامبەر گەلی کورد دەکات, کە ئەنجامەکەی شەڕی (ئاوباریک)ی ساڵی 1931ی لێ دەکەوێتەوە(سجادی، 1959، 114-138)، و شێخ مەحمود لە 13ی مایسی (1931) خۆی تەسلیمی حکومەتی عێراق دەکات و واز لە هەموو شتێک دەهێنێت هەتا لە 1956/10/9 لەبەغدا دەمرێت، ولە سلێمانی بەخاک دەسپێردرێت(سجادی،1959، 139-147). زانیاریەکانی ئەم بابەتە ورد وراستن بەبەراورد لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی بەدرێژی لەم بابەتە دواون، لەم بارەیەوە بڕوانە (هاوار، 1991، ب2)(حلمی، 2003).

زانیارییەکانی عەلادین سجادی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و ئەوماوە مێژووییە دیاریکراوەی کوردستانی باشوور, بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی زۆر وردن, و بەدرێژیی لە ڕووداوەکان دەدوێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بابەتەکان زیاتر گێڕانەوەن، بەکەمی تیبینی لێکدانەوە بۆ ڕووداو و بابەتەکانی ئەو ماوەیە لەلایەن نووسەرەوە کراوە. کە بۆخۆی نووسینەوەی مێژوو گەڕان و ورد بوونەوەیە بۆ گەیشتن بەڕاستیە مێژوویەکان نەک تەنها وێنا کردنی ڕابردوو( زریق، 1963، 57-58).

(شۆڕشی بارزان) سەرباسێکی تری ئەم کتێبەیە، کە دوای ئەوەی باسی ڕەچەڵەکی بارزانییەکان دەکات دێتە سەرباسی (شێخ عەبدولسەلامی بارزان)کە عوسمانیەکان بەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تاوانباریان کرد و لە 1ی کانونی یەکەمی (1914) لە موصل لەسێدارەیان دا(سجادی، 1959، 148-154). پاشان باس لەوە دەکات دوای کوژرانی شێخ عەبدوالسلام بارزانی جڵەوی ڕێبەرایەتی کەوتە دەستی (شێخ ئەحمەدی) برای هەتا (مستەفا بارزانی) لە 17ی حوزەیرانی (1942) شۆڕشی دەسپێکرد ،نووسەر بەدوورو درێژی لەجەنگەکان و لەشکرکێشییەکان دەدوێت، هەتا لە (1945/10/11)دا بەرزانییەکان کەژمارەیان سێ هەزار دەبوو چونە خاکی ئێرانەوە (سجادی، 1959، 155-215). پاشان باس لەڕۆڵی (مستەفا بارزانی) دەکات لەکۆماری کوردستاندا(1946)، تاوەکو لە 11ی مارتی (1946) ئێران هێرش دەکاتە سەر کۆماری کوردستان و بارزانییەکان، دوای چەندین شەڕ مستەفا بارزانی لە 17 و 18 ی نیسانی (1946)ڕووی کردە ڕوسیا، ئەمانە لە روسیا مانەوە هەتا دوای شۆڕشی 14ی تەموزی (1958)و پاشان گەڕانەوە بۆ عێراق(سجادی، 1959، 216-245). زانیاریەکانی مێژوونووس دەربارەی شۆڕشی بارزان، سەرباری ووردیەکەی ڕاستگۆیانە باسیکردوە، لەم بارەیەوە بڕوانە(البارزانی، 1986)(البارزانی، 1987).

نووسەر بابەتی (شۆڕشی بارزان)ی بە (98)لاپەڕ نووسیوە، لەبەر ئەوەی لاپەڕی زۆری بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە توانیوویەتی زۆر بەوردی لە ڕووداوە مێژووییەکانی تایبەت بەشۆڕشەکان بدوێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم بابەتە بەیەک ناونیشان و لەژمارەیەکی زۆری لاپەڕەکانی جۆرێک لە تێکەڵی لەڕووداوەکان دروستکردووە، هەندێک


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

جاریش خوێنەر لەم جۆرە خستنەڕووە بێزار دەبێت. بۆیە باشتر وایە دابەشکردن هەبێت بەسەر بەش وباسدا بەپێی بابەتەکان(عثمان، 1965، 162).

دەربارەی(شۆڕشی سمکۆ) بە (24)لاپەڕ لەم بابەتە دەدوێت، کە بەرلە جەنگی یەکەمی جیهانی(1914–1918)و لەماوەکانی جەنگ و دوای ئەم جەنگە سمکۆی شکاک کەسەرۆکی عەشیرەتی شکاک بووە، لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانی کوردو سەربەخۆیی بۆیان تێکۆشاوە، و چەندین جار ڕووبەڕووی شەڕو پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئێراندا بۆتەوە ، هەتاوەکو لەلایەن (ڕەزاشای ئێران)ەوە بەناوی داوەت و گفتۆگۆوە بانگێشت دەکرێتە شاری شنۆو ساڵی (1930)دەکوژرێت (سجادی، 1959، 246–269). زانیاریەکانی ئەم بابەتە بە دروستی باسکراون، ئەگەرچی لەڕوی کەمی وزۆری زانیاریەوە تاڕادەیەک لاوازە و نەچوەتە ناو وردەکارییەوە بەبەراورد بەوسەرچاوانەی لەمەڕ شۆڕشی(سمکۆی شکاک) نووسراون، لەم بارەیەوە بڕوانە(الجاف، 2008، 114–187)(هاوار، 2005، 251–686).

سەرباسی(شۆڕشی سابلاغ) بابەتێکی تری ئەم کتێبەیە، کە تێیدا باس لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە سابلاغ(مهباد)، بە سەرۆکایەتی (قازی محەمەد)لە ڕێککەوتی 12ی کانوونی یەکەمی (1945)دەکات (سجادی، 1959، 270–283)،بەڵام ئێران لە 30ی نیسانی (1946)ەوە دەستی بە جوڵە سەربازییەکانی کرد، وجەنگ لەنێوان لەشکری کوردو سوپای ئێران ڕوویدا(سجادی، 1959، 284–293) ، دواتر بەدرێژی لەپەیوەندی ئێران و روسیاو کۆماری ئازەربایجان دەدوێت، هەتا دەگات بەوەی کەلە 11ی کانوونی یەکەمی (1946) لەڕێگەی ڕوسیاوە کۆماری ئازەربایجان بڕیاری وەستانی شەڕ لەگەڵ ئێران دەدات، بەهۆی ئەوە سوپای ئێران وردە وردە دەستیگرت بەسەر ئەوناوچانەی لە سنووری کۆماری کوردستاندابوو، هەتا گەیشت بە دەسگرتن بەسەر مهاباد دا ، و دواجار دوای دادگاییەکی ڕووکەشانە قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە (31ی مارتی 1947)لە سێدارە دران و کۆتایی بەکۆمار هات( سجادی، 1959، 294– 322). دەربارەی ئەم شۆڕشە بڕوانە(البارزانی، 1987)

دوا بابەتی ئەم کتێبە لە ژێرناونیشانی ( شۆڕشی عێراق)ە، کەمەبەست لێی شۆڕشی 14ی تەموزی (1958)ە، سەرەتای بابەتەکە بە باسی سەردەمی پادشایەتی عێراق (1921–1958)دەستپێدەکات، کە نووسەر زیاتر تیشکی خستوەتە سەر زوڵم و ستەم و نادادپەروەری و گەندەڵی عێراق (سجادی، 1959، 323–333). دواتر باس لە پلانی (عبدالکریم قاسم) بۆ شۆڕش و هەوڵەکانی لەو پێناوەدا دەکات، هەتا لەبەرەبەیانی 14ی تەموزی (1958) کودەتا دەکرێت (سجادی، 1959، 334–360). زانیاریەکانی دەربارەی ئەم شۆڕشە دروستن بەڵام زیاتر باسی زوڵم وستەمی حکومەتەکانی عێراق کراوە ، بۆ زانیاری دەربارەی شۆڕشی 14ی تەموز بڕوانە(حسین، 2003).

سەبارەت بەم کتێبەی (عەلادین سجادی)دەکرێ بوترێت خاڵی بەهێزی زۆرن، بەشێک لەوانە بریتییە لەوەی کە ئەم کتێبە تایبەت کراوە بە شۆڕشەکانی کورد، و لە میانی نووسینەکەیدا لە بابەتی شۆڕشەکان دەرنەچووە. چونکە پابەند بوون بەسنوری توێژینەوە یەکێکە لەبنەماکانی توێژینەوەی سەرکەوتوو(طە، 1989، 86). و بە زمانێکی کوردی سادەو ڕەوان نووسیوویەتی، کە نووسینەوەی مێژوو بەزمانێکی پاک و پاراو بەهەمان شێوە یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی توێژینەوەکان (قادر، 2019، 239)(عثمان، 1965، 193). سەربار لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا بەیەکێک لەسەرچاوە هەرە گرنگەکان دەربارەی شۆڕشەکانی کورد دادەنرێت.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەهەمان کاتدا چەند تێبینیەکی گشتی لەسەر کتێبەکە هەیە ئەگەرچی لە بایەخی کتێبەکە کەم ناکات بۆ ئەو ماوە مێژووییەی تێیدا کتێبەکە نووسراوە، لەوانە: عەلادین سجادی نە لەناوەرۆکدا و نەلەپەراوێزدا لەچەند شوێنێکی کەم نەبێت ئاماژەی بەسەرچاوە بەکار براوەکانی نەداوە(سجادی، 1959، 19 ،20، 30، 96)، ، ئەگەرچی لستی سەرچاوەکانی لەکۆتایی کتێبەکەیدا هەیەو بریتییە لە (22)سەرچاوە بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی، ئەویش نووسیویەتی بۆ دانانی ئەم کتێبە سەیری ئەم سەرچاوانەش کراوە(سجادی، 1959، 361) ، بەلاّم خوێنەر ناتوانێ سەرچاوەی زانیاریەکانی بەوردی بزانێت، هەروەها ئەم کتێبە بەدوورە لە یەکێک لە سیما زانستی و تایبەتمەندەکانی مێژوو نووسین، کە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی زانیاری سەرچاوە جیاوەزەکان و بەراورد کردنیان لەگەڵ یەکتردا، بۆ گەیشتن وەلاّمە ڕاستییە مێژووییەکان. کە زۆر گرنگە لەبواری مێژوونووسیدا، لەم بارەیەوە بڕوانە(زریق، 1963، 133-145).

ئەوە سەرەڕای ئەو تێبینیانەی دکتۆر کەمال مەزهەر لەبارەی ئەم کتێبەوە هەیەتی لەو ڕووەوە کە زۆر جار مێژووی تاقەکەسێک لەقەومێکاو لەدەورێکا دەبێت بەمێژووی هەموو قەومەکە،و بەپێچەوانەیشەوە هەندێک جار مێژووی هەموو قەومەکە دەبێت بەمێژووی تاقەکەسێک، سەرەڕای ئەو تێبینیەی کە پێی وایە شەڕ هەرچۆن بێت لای(عەلادین سجادی)خراپ نەبووە چونکە ئازادی لەدوا بووە(ئەحمەد، 2007، 152). بۆ زانیاری دەربارەی ڕۆڵ وپێگەی تاک و کۆمەڵگە لەدروستکردنی مێژوودا بڕوانە (کار، 1980، 33-60).

## دووەم/ محەمەد تۆفیق وردی[1]:

یەکێکە لەو نووسەرانەی کورد نووسینی لەبوارەکانی ئەدەب و چیرۆک و فۆلکلۆر و مێژوو هەیە، ئەوەی بۆ ئەو توێژینەوەیە بەمەبەست گیراوە بواری مێژوونووسینە لای (محەمەد توفیق ووردی)، یەکێک لەکتێبەکانی بواری مێژووی بریتییە لە( چونی بارزانیانی قارەمان بۆ یەکێتی سۆڤیەت) لەساڵی (1961) لەچاپخانەی (صلاح الدین) لەبەغدا چاپکراوەو بریتییە لە (80)لاپەڕ، یانزە لاپەڕی سەرەتای کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ وێنەی چەند کەسایەتییەکی بەشدار لەشۆڕشەکانی بارزان و کۆماری کوردستان، پاشان لەژێرناوی (چۆن ئەو نامیلکەیەم نووسی و لەبەرچی) دەڵێت ئامانجم لە نووسینی ئەم کتێبە بەدیارخستنی ئازایەتی خێڵی بارزانی و (مستەفا بارزانی)یە (ووردی، 1961، 3-15).

[1] ناوی محەمەد کوڕی تۆفیق کوڕی ڕەشید کوڕی فەرهاد ئاغایە، نازناوی(ووردی) نازناوی شیعری بووە، زیاتر لەبواری ئەدەبی دا کاری کردووە(بابان،2006، 691) ساڵی (1925) لە کۆیە لەدایک بووە، لە ساڵی(1943) خانەی مامۆستایانی بەغدای تەواو کردووە، نووسینەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی بلاوکردووەتەوە (مەعسوم، 2018، 15) پیشەی مامۆستای سەرەتایی بووە، لەکۆتاییەکانی ساڵی (1945)دا پەیوەندی کردووە بە (کۆماری کوردستان)و وەکو مامۆستا لەیەکێک لە خوێندنگەکانی مهاباد دامەزراوە، دوای لەناوچوونی کۆماری کوردستان لە ساڵی (1946) گەڕاوەتەوە عێراق، بەم هۆیەشەوە تووشی زۆر کێشەی سیاسی بووە لەعێراقدا ،وەکو کەسێکی چەپی شۆڕشگێر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سەیر کراوە ، ئەگەرچی وەکوو مێژوونووس نەناسراوە بەلاّم خاوەنی بەرهەم و کتێبە لە بواری مێژوودا، لەساڵی 1975 لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە ( البیضانی، 2012، 363-364) (بابان، 2006، 691-693).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ئەم كتێبە لە ڕێگەی چەند سەرباسێكەوە باس لە (مستەفا بارزانی)و ئەو(500)كەسە دەكات كەلەدوای لەناوچوونی كۆماری كوردستان ساڵی(1946)بەسەرۆكایەتی (مستەفا بارزانی) سنوورەكانی عێراق و ئێران و توركیایان بڕی و توانیان بچنە خاكی یەكێتی سۆڤیەتەوە، لەم كتێبەدا زۆر بەوردی باس لە هەموو ئەو گوندو دۆڵ و ناوچەو ڕووبارانە دەكات كە بارزانییەكان پێیدا تێپەڕیون، و باس لە هەڵوێست و دڵسۆزی خەڵكی گوندەكان دەكات بۆ ئەم كوردانە كەبەناوچەكانیاندا تێپەڕ بوون، لەگەڵ ئەوەش باس لەهەڵوێستی لاوازی هەندێك گوندو كەسایەتی و هۆزی كوردی چەند ناوچەیەك دەكات لە خاكی ئێراندا بەرامبەر بەم ژمارە كوردە (ووردی ، 1961، 16-59). لە بەشی كۆتایی كتێبەكەدا زیاتر تیشكی خستووەتە سەر ئەو هێرشانەی لەلایەن ئێرانەوە دەخرایە سەر بارزانییەكان، لە ڕۆیشتنیان بۆ سۆڤیەت (ووردی، 1961، 60- 80).

دەربارەی ڕێبازی پەیڕەوكراو لە نووسینی ئەم كتێبەدا، دەتوانرێت بووترێت زیاتر دەچێتە بواری یاداشت نووسییەوە، چونكە زۆر بەوردی باس لەهەنگاوەكانی ئەم ڕێ ڕۆیشتنەو ناوی ئەو شوێنانە دەكات پێیدا تێپەڕیون، ئەمەش لەبەر ئەوەیە نووسەر بۆخۆی یەكێك بووە لەو كەسانەی هاوەڵی بارزانی بووە لەم ڕێگەیەدا، لەبەر ئەوەش پێویستی بەسەرچاوە نەبووە بۆ خستنەڕووی زانیاریەكانی .بەڵام وەك كتێبێك پیشاندراوە وناونیشانی یاداشتی وەرنەگرتووە، چونكە یادشت نوسین ومێژوونووسین دوو بوواری تەواو لێك جیاوازن، تێكەڵ كردنیان لەگەڵ یەكتر لەگەڵ بنەما زانستیەكانی هیچ یەك لەو زانستانەدا ناگونجێت، بۆ زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە(زراری، 2019).

## سێیەم/ طاهر ئەحمەد حەوێزی[1]:

كتێبەكەی بەناونیشانی (مێژووی كۆیە یا كویسنجق) ە، لەساڵی (1962) لەچاپخانەی (الوفاء) لەبەغدا چاپكراوەو بریتییە لە(159)لاپەڕ، ئەم كتێبە دابەشكراوە بەسەر چەند سەرباسێكدا. بەپێشەكیەك دەستپێدەكات لە ژێرناوی( یەك دوو قسە) لەم بابەتەیدا ئاماژە بەوە دەكات كە مێژووی كۆیەی لەسەرەتاوە هەتاوەكو ساڵی(1925) باس كردووە (حەوێزی، 1962، 5).

لەسەرباسێكدا لەژێرناونیشانی(قەضای كۆیە ئێستا) تیشك دەخاتە سەر چەندین بابەتی وەكو سەرژمێری دانیشتووان، سنوور، هاوینەهەوارەكان...(حەوێزی، 1962، 8-21)، لەم بابەتانەیدا نووسەر زانیاری زۆر وردو بەكەڵكی داوە بەتایبەت سەبارەت بەدانیشتووانی ئەوكاتەی كۆیە( ئەوكاتەی نووسەر كتێبەكەی نووسیوە).كە دەڵێت كۆی دانیشتووانی هەموو قەزای كۆیە بریتییە لە (40000) چل هەزار كەس، لەم ژمارەیەش (10000) دەهەزاریان

---

[1] ناوی طاهر كوری ئەحمەد كوری سادق كوری بەكرئاغای حەوێزییە، لەساڵی (1919) لەقەزای كۆیە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لەكۆیەو ناوەندی و دواناوەندی لەهەولێر تەواوكردووە، دواتر بەهۆی بەشداری كردنی لە خولێكی پەروەردەیی وەزارەتی (مەعاریف) دەبێتە مامۆستا لەساڵی (1940)دا، وپیشەی مامۆستایی لە كۆیەو ناوچەكانی دەوروبەری كردووە، لەسەرەتای چلەكانەوە چەندین بابەتی لە(گەلاوێژ)و(ژین)و(دەنگی گێتی تازە) دا بڵاوكردووەتەوە، چەند بەرهەمێكی لەبواری مێژوو ئەدەبدا نووسیوە (عەلائە دین، 2014، 317-318).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەناو کۆیە دەژین، ئەوانیتریش لەدەوروبەری کۆیە(حەوێزی، 1962، 8). ئەم زانیاری و داتایانەی نووسەر داویەتی پێویستی بەسەرچاوەی تایبەت یان سەرژمێری هەیە، بەڵام نووسەر ئاماژەی بەهیچ سەرچاوەیەک نەداوە.

نووسەر زانیاری زۆری داوە دەربارەی گۆڕستان و پیاوچاکانی گوندەکانی سنووری کۆیە، کە ئەو کاتانە خەڵک بۆ مرازێک یان چارەسەری نەخۆشییەک سەردانی کردوون(حەوێزی، 1962، 18-19)، دەبێت نووسەر لە ڕێگەی سەردانی مەیدانییەوە دەستی کەوتبن، بەڵام ئاماژەی نەداوە کە ئەم زانیارییانەی چۆن و لەچی وەرگرتووە.

لەبابەتی (کویسنجق لەچییەوە هاتووە)باس لە ناوی کۆیە دەکات و هۆکاری ئەم ناوە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێنێتەوە، لەبابەتی (جێگاکۆنینەکانی قەضای کۆیە)باس لە زۆر ناوچەی کۆنی کۆیەو پاشان بڵاو بوونەوەی ئاینی زەردەشتی و ئاینی مەسیحی لەکۆیە دەکات( حەوێزی، 1962، 22-34).نووسەر بۆ ڕاجیاوازەکان دەربارەی ناوی کۆیە لێکدانەوەی زۆری نەکردووە، لەم بارەیەوە بڕوانە(تەیب، 2008، 26-31).

(کۆیەو وڵاتەکەی) سەرباسێکی تری کتێبەکەیە، لەم بابەتەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە بەر لە زاین، باس لە ( ئاشورییەکان ، گوتییەکان، ئەخمینییەکان، میدییەکان) دەکات، ( حەوێزی، 1962، 35-38)، لەم بابەتەیدا هیچ باسێکی کۆیەی نەکردووە، و نووسەر دەڵێت زانیاری لەسەر کۆیە لەوکاتدا نییە (حەوێزی، 1962، 38).

لەباسی هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کۆیەو دەورووبەری نووسەر دەڵێت عەرەبە موسڵمانەکان لە قوڵی هەولێرەوە هێرش دەکەنە سەرکۆیەو بەتاڵان کردن و وێرانکردنی گوندەکان دەستپێدەکەن و بەشەڕە شمشێر دەتوانن کۆیە داگیر بکەن دوای ئەوەی (هەرمۆتە)[1] لەگەڵ زەوی یەکسان دەکەن(حەوێزی، 1962، 39). ئەگەرچی هاتنی عەرەبەموسڵمانەکان بۆ کوردستان و چۆنیەتی موسڵمان بوونی کورد لە سەرچاوەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز باس کراوەو گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام نووسەر یەکلایەنە بابەتەکە باس دەکات. لە بارەی بۆ چونە جیاوازەکان دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە(حەمەکەریم، 2007، 167-290). پاشان بەباسی عەباسییەکان و ئەیوبییەکان لە کۆیەو ناوچەکە کۆتایی بەبابەتەکەی دەهێنێت( حەوێزی، 1962، 40-42).

لەسەرباسی کۆیە لە سەردەمی میرنشینەکانی سۆران و بابان و ئەردەڵاندا، باس لەوە دەکات کۆیە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا بەشێک بووە لە دەسەڵاتی ئەردەڵان و کەوتبووە ڕۆژئاوای ئەم میرنشینەوە(حەوێزی، 1962، 43-45). لەبابەتی کۆیەو میرنشینی سۆراندا، لەسەرەتادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆیە ناوجەرگەی سۆران بووە، پاشان لە میر (عیسی کوڕی کولوس بەگ)ەوە باس لە میرنشینەکە دەکات و دواتر دێت باس لە ململانێی عوسمانی و ئێرانییەکان و ڕۆڵی کوردو بەتایبەتیش ناوچەی کۆیە لەو نێوەندەدا دەکات(حەوێزی، 1962، 45-58).

لەبابەتی (بابانەکان لەکۆیە) زیاتر باس لەو فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانە دەکات کە میرنشینی بابان لەسەر ناوچەی کۆیەی داناوە، و باس لە کارو چالاکی ئەم دەسەڵاتدارانەی ناوچەکە دەکات(حەوێزی، 1962، 59-67). وەکو نووسەر خۆی ئاماژەی بۆ کردووە سەرچاوەی زانیارییەکانی لەم باسەدا بریتییە لە (تاریخ العراق بین احتلالین ی عباس العزاوی ، تاریخی سلێمانی و وڵاتی محەمەد ئەمین زەکی ) .لەسەرباسێکی تردا بەناوی(

[1] گوندێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆیەوە، دەنیشتوانی گوندەکە بەشی هەرەزۆری مەسیحین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سەربران) باس لە ململانێی نێوان هەردوو بنەماڵەی ناسراوی غەفوری و حەوێزییەکانی کۆیە دەکات(حەوێزی، 1962، 67-76).لەپاشان باس لە ململانێی نێوان میرنشینی سۆران و بابان و دەستێوەردان و هاندانی عوسمانییەکان و ئێرانییەکان لەسەر هەردوو میرنشینەکە لەناوچەکەدا،لەچارەکی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەم دەکات (حەوێزی، 1962، 77-109).

(عوسمانیەکان لەکۆیە) سەرباسێکی تری کتێبەکەیە، کە تێیدا باس لەوە دەکات لەساڵی (1843ز) هەتاوەکو ساڵی (1918ز) کۆیە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی دابووە، لەوماوەیەدا شێوازی ژیانی ڕۆژانەو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و باری نەخوێندەواری لەکۆیە باس دەکات (حەوێزی، 1962، 110-138). هاتنی ئینگلیز بۆکۆیە ناونیشانی بابەتێکی تریەتی، کە ئاماژە بەوە دەکات ئینگلیز لە (15/ 12/ 1918) گەیشتونەتە کۆیە، پاشان باسی کۆیە دەکات لەڕووی پەیوەندییان لەگەڵ شێخ مەحمود و ئینگلیز و تورکەکانەوە(حەوێزی، 1962، 138-155). بۆ ئەم زانیاریانەی پشتی بەهیچ سەرچاوەیەک نەبەستوە کە ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدابێت. بۆڕاستی ئەم زانیاریانە بڕوانە (تەیب، 2008، 77-144).

ئەم کتێبە بەزمانێکی سادەی کوردی نووسراوە، هەر تاکێکی کورد لەو ڕۆژانە خوێندەوارییەکی لاوازیشی هەبووبێت توانیویەتی تێی بگات، ئەمەش خاڵی بەهێزی هەر توێژینەوەو نووسینێکە(مەهدی، 2019، 239). وپابەندبوونی زۆری هەبووە بەهەر بابەتێکەوە کەباسیکردووە بۆ ئەوەی لەبابەتەکەی دەرنەچێت و شتی زیادەی نەخاتەناو، لەهەرشوێنێکیش لەبابەتی تایبەت بە کۆیە دەرچووبێت پۆزشی هێناوەتەوە کەزانیاری لەو بابەتە لەسەرکۆیە دەس نەکەوتووە(حەوێزی، 1962، 38). سەبارەت بەسەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم کتێبەدا بریتیین لە سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی و کوردی لەگەڵ یەک ژمارە لەگۆڤاری گەلاوێژ،هەرسەرچاوەیەکیشی بەکار هێنابێت لەپەراوێزدا ئاماژەی پێداوەو لستی سەرچاوەکانی نییە، دەربارەی ئەم کتێبە جەمال فەتحوڵا تەیب کە ماستەرنامەی لەسەر کۆیە نووسیوە دەڵێت هەرچەندە نووسینەکانی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی کورت وچیرۆکانە دارێژراوە بەڵام هەرکەسێک بیەوێت توێژینەوە لەسەر کۆیە بکات ناتوانێت دەستبەرداری ئەم کتێبە بێت(تەیب، 2008، 18). ئەگەرچی خاڵە بەهێزەکانی کتێبەکە زۆرن وەک ئاماژەمان پێکرد، بەڵام چەند تێبینیەک سەبارەت بەبەکارهێنانی پەراوێز بەدیدەکرێت، چونکە کاتێک ئاماژەی پێکرا ئاماژە بەکتێبەکان دەکات بەشی زۆری تەنها ناوی کتێبەکەو لەوێدا دەنووسێت و ئاماژەبەزانیارییەکانی تری کتێبەکە ناکات بۆنموونە بڕوانە (حەوێزی، 1962، 23، 24، 30، 33، 35، 57، 81، 90)، چونکە بەکارهێنانی پەراوێز بەشێوەیەکی دروست بەبنەمای سەرەکی توێژینەوەکان دادەنرێت لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی پەراوێزەکان بڕوانە(طه، 1990، 135-139)،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## چوارەم/ ئەحمد خواجە[1] :

کتێبەکەی بە ناونیشانی (چیم دی) بریتییە لە یاداشتەکانی ئەحمەد خواجە کەنووسەر لەسێ بەرگدا نووسیویەتی، بەرگی یەکەمی لە ساڵی 1968 لە چاپخانەی شەفیق لەبەغدا چاپکراوەو پێکهاتووەلە(160) لاپەڕ، دابەشی سەر چەند سەرباسێکی کردووە. لە دەسپێکدا بەناوی(مەرام) کەلەجیاتی پێشەکی دانراوە دەڵێت: ((ئەوکارەساتەی بەچاوی خۆم بینیومەو ئەوانەی بە بیستنێکی ڕاست بیستومە و ئەوانەی خوێندوومەتەوە، لەتۆماری ئەوباسانەدا کەلەبیرم ماوە دەیخەمە پێشچاو))، وئەوەی هانی ئەم نووسینەی دام ڕەنجە گەورەو گرنگەکەی شێخ محمود بوو (خواجە، 1968، 3-5).دروستی زانیاریەکانی ئەم کتێبە وایکردوە ببێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ زۆر توێژینەوە، بڕوانە(شوانی، 2002، 12)

لەسەرباسێکدا بەناوی کورد لەباوی عوسمانی دا باس لەوەدەکات کوردەکان بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمود لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی دا(1914 – 1918)، سوپایان لێ ئامادەکراوەو بەلایەنگری عوسمانییەکان جارێک دژی ڕوسیای قەیسەری و جارێک بەرامبەر بە ئینگلیز جەنگاون و سەدان ڕۆڵەی کورد کوژراون(خواجە،1968، 6-14)، پاشان باس لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیزو ڕوسەکان دەکات بۆ ناوچەکە(خواجە، 1968، 15-20).

دواتر باس لەهاتنی (مێجەرنوئێل) حاکمی سیاسی ئینگلیز لەعێراق دەکات بۆ سلێمانی لەڕێکەوتی (18ی تشرینی دووەمی 1918) و دانانی شێخ مەحمود بەحوکمدار و پاشان سیاسەتی کاربەدەستانی ئینگلیز لەسلێمانی بەرامبەر بەخەڵکی شارەکە، دەڵێت ستەمی زۆریان لەخەڵکی دەکرد، و شێخ مەحمود هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو (خواجە، 1968، 20-27)، پاشان درێژە بەباسی خراپی سیاسەتی ئینگلیز دەدات، بەتایبەت بەرامبەر بە کەسایەتی حوکمدارو بەکەم سەیرکردنی حوکمداریەتەییەکەی، ، لەبەر ئەوە لە 21ی مایسی (1919) شەڕ لەنێوان ئینگلیزوو کورد هەڵگیرسا (خواجە، 1968، 27-38)

(ڕۆژی 21ی مایس جەنگی کوردو ئینگلیز) سەرباسێکی ئەم کتێبەیە، بەشێوەیەکی ورد باس لە شەڕەکانی نێوان ئینگلیز و شێخ مەحمود دەکات، بەتایبەت جەنگی دەربەندی بازیان(1919) و دەسگیرکردنی شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەوە لە 22ی حوزەیرانی (1919) پاشان بەدوورو درێژی باس لە گەڕانەوەی سوپای ئینگلیز دەکات بۆ سلێمانی، و دووبارە مامەڵەی خراپیان بەرامبەر بەخەڵکی و ڕەوانەکردنی شێخ مەحمود بۆ بەغداو دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانی لەلایەن دادگای عورفی ئینگلیزەوە، وپاشان گۆڕینی فەرمانەکە بەدوورخستنەوەی بۆ هندستان (خواجە،1968، 38-56).

---

[1] ئەحمەد کوڕی عەزیز کوڕی عوسمان ئاغای ئەردەلانییە، باوکی بە خواجە ئەفەندی بەناوبانگ بوو، لەساڵی (1903) لە سلێمانی لەدایک بووە، لەقوتابخانەی ئاینی باوکی خوێندوویەتی،پاشان چووەتە خوێندنگەی فەرمییەوە، لەسەردەمی جوڵانەوەکانی شێخ مەحمود دەفتەرداری شێخ مەحمود بووە ، کتێبێکی مێژوویی بەناوی (چیم دی)لە سێ بەرگدا چاپکردووە، بەرگی یەکەمی لە (1968) لەچاپخانەی شەفیق لەبەغدا چاپکردووە،(بەرگی دووەم و بەرگی سێ یەم )ی ئەم کتێبە لە ساڵەکانی(1969 و1970) چاپکراون، ئەحمەد خواجە لەساڵی (1997) کۆچی دوایی کردووە (بابان،2006، 54).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دوای گەڕانەوەی هێزی ئینگلیز بۆ سلێمانی باس لەوە دەکات کە (میجرسۆن)سزای دانا بۆ هەرکەسێک چەک لەماڵەکەیدا هەبێت، ئەمەش وای کرد خەڵکێکی زۆر لە سلێمانی لەترساندا چەکەکانیان ڕادەستی ئینگلیز بکەن ، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی وەستاندنی خەڵکی سلێمانی و چەند کۆمەڵەو گرووپێک دروست دەبن و بەنهێنی بڵاوکراوە بڵاو دەکەنەوەو نامەی هەڕەشەئامێز بۆ میجرسون دەنێرن و داوای ئازادی و خزمەتگوزای هەمەجۆری لێدەکەن ، بۆیە بەزارەکی هەندێک هەنگاوی نا بەوەی سەربەخۆیی دەدرێت بەکورد بەڵام سوودی نەبوو، چونکە لەزۆربەی ناوچەکانی سلێمانی ودەوروبەری هێرش بۆسەر ئینگلیز دەستی پێکرد(خواجە، 1968، 57-88).

پاشان باس لە گۆڕانی سیاسەتی ئینگلیز بۆ سیاسەتێکی نەرم دەکات، هەتا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لە 22ی ئەیلولی 1922( خواجە، 1968، 89- 103)،دواتر باس لە هۆکارەکانی گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود دەکات لە هندستانەوە بۆ کوردستان وراگەیاندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود لە 10ی تشرینی یەکەمی (1922)، ناوی وەزیرەکان و وتارەکانی شێخ مەحمود دەنووسێت، سەرەڕای چەند هەنگاوێکی بواری پەروەردە(خواجە، 1968، 104، 124). لەنزیکەوە نووسەر زانیاریەکانی بەووردی ودروستی خستوەتە ڕوو لەم بارەیەوە بڕوانە(شوانی، 2002) (هاوار، 1991).

لەبابەتێکدا بەناوی دیسان شێخ مەحمود و ئینگلیز، ئەحمەد خواجە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان لەدوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە (1922)دا،دوای ئەوەی لە تشرینی دووەمی (1922) شێخ مەحمود خۆی بەحوکمداری کوردستان ڕاگەیاند کەوتە بایەخدان بەسوپا، ئینگلیز بەمە زۆر نیگەران بوون،بۆیە هەرلەسەرەتاوە کەوتنە هاندانی بەغدا لەدژی ئەم کارەی کورد، و تەنانەت تورک و ئێرانیش بەم بابەتە خۆشحاڵ نەبوون،بەتایبەت ئینگلیز وایان لەئیران گەیاندبوو کەبەم زووانە حکومەتی کوردی بنیاد دەنرێت و بەمەش شۆڕشی کوردی لەهەموو ناوچە کوردییەکان ڕوو دەدات (خواجە، 1968، 125-141)، دوای هەموو ئەم مەینەتیانە ئینگلیز داوای شەڕی تورکیان لە شێخ مەحمود دەکردو شێخ مەحمودیش ئەم کارەی نەکرد، بەڵکوو ناچاربوو هەم ئینگلیزو هەم تورک ڕابگرێت و کەسیان لەخۆی نەکات،لە (25ی شوباتی 1923) فڕۆکەیەک نامەیەک و دوو بۆمب بەسەر سلێمانی دا بەر دەداتەوە، لەنامەکەدا داوا لە شێخ مەحمود دەکرێت کە بچێتە کەرکوک یان چەمچەماڵ، ئیتر دوای ئەمە شێخ مەحمود کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجامداو بڕیاردرا سێ کەس بەنوێنەرایەتی بچنە بەغداو شێخ مەحمودیش لە ڕێکەوتی 3/2 ی مارت بە سوپاکەیەوە شاری سلێمانی بۆ دۆڵی سورداش چۆڵ کرد، لە پێناوی پاراستنی خەڵکی سلێمانی لە بۆردوومان و ئینگلیزیش لەمە ئاگادار کرایەوە(خواجە، 1968، 142-152)، لێرەدا ئەحمەد خواجە کۆتایی بەبەرگی یەکەمی یاداشتەکەی دەهێنێت.

ئەم یاداشتەی ئەحمەد خواجە ئەگەرچی زیاتر گێڕانەوەیەو لێکدانەوەی کەم تێدابەدی دەکرێت،بەڵام لەڕووی زانیارییەوە سەبارەت بەڕووداوەکانی ئەوماوە مێژووییەی باشووری کوردستان و بەدیاریکراویش دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود زۆر دەوڵەمەندە، لەبەر ئەوە وەکو سەرچاوەیەکی زۆر بەبایەخ بۆ زۆر توێژینەوەی مێژوویی پشتی پێبەستراوەو وەکوو سەرچاوە یەکەمینەکان بەکار هێنراوە. بۆ نمونە ( ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی) وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی لە نووسینی نامەی ماستەرەکەیدا ئاماژەی پێداوە(شوانی، 2002، 12). لەگەڵ هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی (چیم دی)(ئەحمەد خواجە) لەڕووی بەسوودی بۆ مێژووی کورد، و سەرچاوەی سەرەکیە بۆ ڕوداوەکانی سەردەمی(شێخ مەحمود). بەڵام لەڕەخنەی نووسەرانیش بەدەر نیە بەتایبەت لەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕوانگەیەوە کە(ئەحمەد خواجە) مێژوونووسین ویاداشت نووسیی تێکەڵ کردووە، کە هەریەکەیان قورسایی زانستی خۆیان هەیە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی زانیارییە مێژووییەکانی ڕابردوو(زراری، 2019، 55-60). لەڕوی ڕاستی زانیاریە مێژوویەکانیەوە دەتوانین بڵێن تاڕادەیەکی زۆر باش ئامانجەکانی پێکاوە بەتایبەتی بۆ خۆی لەناو ڕوداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە بووە کە تۆماری کردووە، بۆ بەراورد کاری ڕاستیە زانستیەکان دەتوانرێت بڕوانرێتە( حلمی، 2003، 9-455)(شوانی، 2002) (هاوار، 1991).

## ئەنجامەکان:

1-لەنێوان ساڵانی(1958-1968)ئەو کتێبانەی لەبوواری مێژووییدا بەزمانی کوردی نووسراون هەموویان لەلایەن کەسانی خاوەن پسپۆڕیەتی مێژوو نەنووسراون، بەڵکو کەسانی ئاسایی و پیاوانی سیاسی وئاینی و مامۆستایانی قوتابخانەکان نووسیویانن.

2-بەهۆی زاڵی هەستی نەتەوایەتی بەسەر تاکی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا لەکۆی هەشت کتێب کەبەزمانی کوردی لە بواری مێژوو نووسراون چواریان دەربارەی مێژووی شۆڕشەکانی کوردن.

3-ئەو نووسەرانەی لەوقۆناغەدا مێژوویان بەزمانی کوردی نووسیوە خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کۆیەن، وخەڵکی ناوچەکانی تری کوردستانیان تێدا بەدیناکرێت.

4-پەیڕەوی ڕێبازی زانستی بەتەواوی نەکراوە لە مێژوونووسیندا، بەڵکو هەر مێژوونووسێک چەند ڕێبازێکی جیاوازی لەنووسینی کتێبەکەیدا پەیڕەو کردووە، ئەمەش بە خاڵی لاواز دانانرێت چونکە ئەم ڕێبازو شێوازانەی ئێستا لەو قۆناغەدا درکی پێنەکراوە.

5- نووسینی تەنها (8)کتێب بەزمانی کوردی لەبوواری مێژوونووسییدا لەماوەی (10)دە ساڵدا (1958-1968)ڕێژەیەکی کەمە بەهەر پێوەرێک.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# History writing by the Kurdis in Iraq (1958-1968) is among the books printed in Kurdish language.

**Bashdar Omar Rafeeq**

Directorate of Education Koya, Directorate General of Education of Erbil, Ministry of Education-Erbil, Kurdistan Region - Iraq.

E-mail: bashdarumar80@gmail.com

**Mohammed Abdullah Kakasur**

Department of History, College of Arts, University of Salahaddin – Erbil, Kurdistan Region - Iraq.

E-mail: makakasur@yahoo.com

## Abstract:

The issue of writing history by Kurdish authors in Iraq between1958-1968 is analysed and explained which is about those printed books in kurdish written and published by Kurdish authors in Iraq. We have concluded that eight history books were published in Kurdish language from 1958 to 1968. Among them, seven of them were written and published from 1958 to 1962 and only one book was published in 1968. This devision of publishing those books has been due to politicial reasons and the emergence of Ailul revolution in 1961. On the one hand, it was due to the political unrest which was a stumbling block for the writing process for authors. On the other hand, however, it was due to the Aylul revolution that led to the restriction of the writing and publication processes by the Iraqi government.

The historeans were peoples of different backgrounds in Kurdistan including politicians, army, religious people, school teachers, poets, and scholars. This show the desire of writing history by peoples of different backgrounds in the Kurdish society. Regarding the academic and scientific quality and the methodology of adopted at that time in writing history books, although it cannot be compared by today's history books, but it was rather narrative and simple. In addition, very few references were usually used in writing those books. This was due to the fact that the history books authors were not historians.

**Key words:** History writing, history, Research Methodology, book, subject, Kurdis.

# كتابة التاريخ من قبل الأكراد في العراق (1958-1968) هي من بين الكتب المطبوعة باللغة الكردية

**بشدار عمر رفيق** مديرية التربية كوية ، المديرية العامة التربية اربيل، وزارة التربية، اربيل، اقليم كردستان، عيراق.

**البريد الإلكتروني:** bashdarumar80@gmail.com

**محمد عبد الله كاكەسور** قسم التاريخ ، كلية الآداب ، جامعة صلاح الدين- اربيل، اقليم كردستان، عيراق.

**البريد الإلكتروني:** makakasur@yahoo.com

**ملخص البحث:**

هذا البحث بعنوان( كتابة التاريخ من قبل الأكراد في العراق (1958-1968) هي من بين الكتب المطبوعة باللغة الكردية)يتم تحليل وشرح موضوع كتابة التاريخ من قبل المؤلفين الكرد في العراق بين عامي( ١٩٥٨ـ ١٩٦٨) وهو عبارة عن تلك الكتب المطبوعة التي كتبها ونشرها مؤلفون الكرد باللغة الكردية في العراق. لقد توصلنا إلى أن ثمانية كتب تاريخية نُشرت باللغة الكردية من (1958 – 1968). من بينها سبعة كتب تم كتابتها ونشرت في الفترة ( 1958 – 1962) ونشر كتاب واحد فقط في عام( 1968). ويعود هذا الفصل في نشر هذه الكتب إلى أسباب سياسية وظهور ثورة ايلول في عام (1961). من ناحية ، كان بسبب الاضطرابات السياسية التي كانت حجر عثرة لعملية الكتابة للمؤلفين. من ناحية أخرى ، كان ذلك بسبب ثورة ايلول التي أدت إلى تقييد عمليات الكتابة والنشر من قبل الحكومة العراقية.

كان المؤرخون شعوبًا من خلفيات مختلفة في كردستان ، بما في ذلك السياسيون والعسكريون والمتدينون ومعلمو المدارس والشعراء والعلماء. هذا يظهر رغبة في كتابة التاريخ من قبل شعوب من خلفيات مختلفة في المجتمع الكردي. فيما يتعلق بالجودة الأكاديمية والعلمية والمنهجية المتبعة في ذلك الوقت في كتابة كتب التاريخ ، على الرغم من أنه لا يمكن مقارنتها بكتب التاريخ اليوم ، إلا أنها كانت روائية وبسيطة إلى حد ما. بالإضافة إلى ذلك ، تم استخدام عدد قليل جدًا من المراجع في كتابة تلك الكتب. كان هذا بسبب حقيقة أن مؤلفي كتب التاريخ لم يكونوا الاكاديميين والمهنيين.

**الكلمات المفتاحية:** كتابة التاريخ ، التاريخ ، منهجية البحث ، الكتاب ، الموضوع ، الأكراد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سەرچاوەکان:

ئەحمەد. کەمال مەزهەر .2007 .مێژوو .هەولێر.چاپخانەی دۆست.

اسماعیل، زبیر بیلال. 1998. ثورة بارزان 1907-1935. اربیل. مطبعة وزارة الثقافة.

ئەمین. ئاشنا عەلی محەمەد .2014 .*هەمزە عەبدولا ورۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە* . نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین .

الاعظمي، صباح ياسين .2005. *اعلام المجمع العلمي العراقي 2004-1907*بيروت. دار العربية للموسوعات.

البارزاني, مسعود. 1986. كردستان والحركة القومية الكردية- انتفاضة برزان الأولى 1931-1932. كردستان.

البارزانی، مسعود. 1986. البارزانی والحركة التحرريةالكردية، ثورة بارزان 1943-1945. كردستان.

البارزاني, مسعود. 1987. كردستان والحركة القومية الكردية- ثورة بارزان 1945-1958. كردستان.

بارزانی، مسعود. 2012. بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد 1931-1958. ب1. هەولێر.

البیضانی، جواد كاظم .2012 ,*التأريخ والمؤرخون الكرد*. لبنان. دارو مكتبة البيضا.

تەیب، جەمال فەتحولا. 2008. کۆیە 1918-1958 لێکۆڵینەیەکی مێژوویی سیاسییە. چ2. هەولێر. چاپخانەی شەهاب.

الجاف، حسن كريم. 2008. الوجيز في تأريخ ايران. ج2. اربيل. مطبعة ئاراس.

الجبوري, حسين محمد جواد, الجانبي, قيس حاتم هاني. 2013. منهجية البحث التاريخي الأسس والمفاهيم والأساليب العلمية. عمان. دار صفاء للنشر والتوزيع.

حەمەکەریم، حەسەن مەحمود. 2007. کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا. چ4. کۆمپانیای چاپ وپەخشی نووسەر.

الداقوقي, أبراهيم. 2008. أكراد تركيا. ط2. أربيل. مطبعة أراس.

زراری, سەنگەر. 2019. هونەری ژیاننامە، شێوازەکانی نووسینەوە، بیرەوەری، گەشتنامە، ڕۆمانی ژیاننامەیی. هەولێر. تەفسیر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە.

زريق, قسطنطين. 1963. نحن والتاريخ. ط2 . بيروت. دار العلم للملاين.

شوانی, ئاکۆ عەبدولکەریم. 2002. شاری سلێمانی 1918–1932 لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە. سلێمانی. چاپخانەی زانست.

الصويركي, محمد علي .2006 . *معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها* .السليمانية. مطبعة حمدي.

بابان, جمال .2006 ,.*اعلام كرد العراق* .السليمانية. مطبعة شڤان.

بابان، جمال. .2009. *اعلام الكرد . السليمانية*. مطبعة روون.

بطاطو، حنا .2005. *العراق الشيوعيون والبعثيون والظبات الأحرار* . تهران. مطبعة غدير للطباعة والنشر.

حبيب ، كاظم .2005. *لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكردى في كردستان العراق* .اربيل.دار اراس للطباعة والنشر.

حەویزی، طاهر ئەحمەد .1962.*مێژووی کۆیە یا کویسنجق*. بەغداد. چاپخانەی الوفاء.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper16 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

حسين، عبدالخالق. 2003. ثورة 14 تموز 1985 وعبدالكريم قاسم. ديمشق. دارالحصاد للنشر.

حلمی، 2003. یاداشت. چ3. سلێمانی. چاپخانەی سەردەم.

خواجە، ئەحمەد .1968. چیم دی .بەغداد.چاپخانەی شەفیق.

رسول، عزالدين مستةفا .1972.حول الصحافة الكردية .بغداد. مطبعة الجاحظ.

ڕێبوار، کاکەی .1960.شۆرشی ئاگری داغ لەکوردستانی تورکیا .سلێمانی .چاپخانەی کامەران.

زكي، محمد امين، 1931. خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور حتى الأن.ج1. بغداد. مطبعة دارالسلام.

سجادی، دلێر عەبدولا .1987.یادی سجادی .بەغداد.چاپخانەی ئیشبیلیە.

سجادی، عەلادین .1959.شۆڕشەکانی کورد وە کورد وکۆماری عێراق .بەغداد. چاپخانەی مەعارف.

طه، عبدالواحد ذنون. 1990. اصول البحث التاريخی. الموصل. مطبعة دار الحكمه للطباعة والنشر.

عەبدوڵا، هەمزە .1959.شۆڕشی بارزان .و(محەرەم محەمەد ئەمین).سلێمانی. چاپخانەی ژین.

عەلائەدین، عەبدولخالق .2014.کۆیە....ناودارانی .کوردستان. بێ ناوی چاپخانە.

عثمان، حسن. 1965. منهج البحث التاريخي. ط2. مصر. دارالمعارف.

عمارة, محمد. 2009. الوعي بالتاريخ وصناعة التاريخ. القاهرة. دارالسلام للطباعة والنشر.

عمر, شاكر. 1959. تاريخ الأقوام في العراق. الأهالي(ڕۆژنامه). ژ(1-3).

عوزێری، عوسمان .1961 .*شۆرشی دیاربەکر* .سلێمانی. ژین.

قادر، مەهدی محەمەد. 2019. سەربوردەی مێژوونووسێک. هەولێر. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

قەفتان، کاوس. 2009 .*بیرەوەری چەند روداوێک لە ژیانمدا* .سلێمانی .بێ ناوی چاپخانە.

قەفتان، صالح .1959 .*نەتەوەی کورد تورکامان نیە* .سلێمانی . چاپخانەی کامەران.

کار، ادوارد. 1980. ماهو التاريخ. ترجمه(ماهر كيالى- بيار عقل). ط2. بيروت. مؤسسة العربية للدراسات والنشر.

مەجید، هەوراز جەوهەر .2012 .*شاری سلێمانی( 14تەموزی 1958 - 14تەموزی 1968)لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری* .هەولێر.چاپخانەی ڕۆژهەلات.

محەمەد، دلێر خالد. 2013. دور الدكتور كمال مظهر أحمد في تدوين التاريخ العراقي الحديث والمعاصر(1967-2009م). رسالة ماجستير. كلية الاداب. جامعة بيروت العربية.

مەعسوم، خدر .2018 .محەمەد تۆفیق ووردی .*کەکۆن(گۆڤار). ژ(55). تشرینی یەکەم. 2018.*

هاوار، محەمەد. 1991. شێخ مەحمودی قارەمان ودەوڵەتەکەی خواروی کوردستان. بەرگی دووەم. لەندەن.

هاوار، محمد رسول. 2006. کوردو باکوری کوردستان لەسەرتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهانی. چ2. ب1. بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوەو وەرگێڕان.

هاوار، محمد رسول. 2006. كورد وباكوری كوردستان لەدوای شەڕی یەكەمی جیهانییەوە هەتا دوای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران. چ2. ب2. بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوكردنەوەی سلێمانی.

هاوار، محمد رسول. 2005. سمكۆ(ئیسماعیل ئاغای شكاك)و بزوتنەوەی نەتەوایەتی كورد. چ2. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.

ووردی، محەمەد تۆفیق .1961 .*چونی بارزانیانی قارەمان بۆ یەكێتی سۆڤیەت* .بەغداد. چاپخانەی صلاح الدین.